
## هەواڵی ڕۆژنامەوانی

**دەرچوو: شوبات / 2021**

ژمارەی پێوانەیی نرخی بەکاربەر بۆ ساڵی2020 لە هەرێمی کوردستان گەیشتە 96.2% و بە بەراوورد بە ساڵی 2019 بەرێژەی 0.5 % بە رز بوونەوەی تۆمارکردووە, بەڵام بە بەراوورد بە ساڵی بنەڕەتی 2012 بە ڕێژەی 3.8% نزم بوونەوە پێشان دەدات.

هۆکاری بەرز بوونەوەی ژمارەی پێوانەیی لەساڵی 2020 دەگەرێتەوە بۆ بەرز بوونەوەی نرخی دۆلار بەرامبەر بە دیناری عیراقی لە کۆتایی ئەم ساڵەدا بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی مانگی کانونی یەکەم, بە جۆرێك کە ڕێژەی گۆرانی ساڵانە بۆ مانگی کانونی یەکەمی ساڵی 2020 گەیشتە 3.5% بە بەراوورد بەمانگی کانونی یەکەمی ساڵی 2019. شایانی باسە کە گوڕانکاری لە نرخی ئەو کەلوپەلانەی کە بەدۆلار کڕین وفرۆشتنی پێدەکرێت ڕوویندادوە.


### گوڕانی ساڵانەی ژمارەی پێوانەیی لەساڵی 2020 بە پێی مانگ




**بەرز بوونەوە لە نرخی بەشەکانی خوارەوە بەدی دەکرێت:**

1. بەشی کەلوپەل و خزمەت گوزارییەکانی جوراوجۆر بەڕێژەی 15.87% بەهۆی بەرز بوونەوەی نرخی زێر و بۆن،
2. بەشی گواستنەوە بەڕێژەی 8.73% بەهۆی بەرز بوونەوەی نرخی سەیارە و بەنزین و چوار چێوە و رووونی سەیارە و دیسک وەهەر شتێك کەتایبەتە بەسەیارە،
3. بەشی پەیوەندییەکان بەڕێژەی 2.24% بەهۆی بەرز بوونەوەی نرخی موبایل و کۆمپیوتەر،
4. بەشی جلوبەرگ و پێڵاو بەڕێژەی 1.47%.

**گۆڕانی ساڵانەی ژمارەی پێوانەیی لە ساڵی2020 بە پێی بەشە سەرەکیەکان**



### ژمارەی پێوانەیی بۆ کرێی یەکەی نیشتەجێبوون لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی **2020** بە بەراورد بەساڵی **2019**





ڕێژەی سەدی گۆڕانی ساڵانە بۆ کرێی یەکەی نیشتەجێبوون لە ساڵی 2020 بە بەراوورد بە ساڵی 2019 لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی نزم بوونەوەی تۆمار کردووە بە شێوەی خوارەوە :

1. هەرێمی کوردستان (88.7%) بەڕێژەی 1.4%،
2. پارێزگای هەولێر (82.5%) بەڕێژەی 2.2%،
3. پارێزگای سلێمانی (86.5%) بەڕێژەی 0.8%،
4. پارێزگای دهۆك (95.79%) بەڕێژەی 9.3%.

ڕێژەی گوڕانی ژمارەی پێوانەیی بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی2020 بەبەراوورد بەساڵی 2019 بەم شێوەی خوارەوەیە:

1. پارێزگای هەولێر (95.2%) نزم بوونەوە بەڕێژەی 2.1%،
2. پارێزگای سلێمانی (95.3%) بەرز بوونەوە بەڕێژەی 1.8%،
3. پارێزگای دهۆک (98.0%) بەرز بوونەوە بەڕێژەی 0.6%.

**ژمارەی پێوانەیی لەپاریزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020 بەبەراوورد بە ساڵی 2019**




**بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە :**

**ئیمێل :** contact@krso.gov.krd

**ماڵپەڕ:** www.krso.gov.krd

**تەلەفۆن:**07508963143

**فەیسبوک:**https://www.facebook.com/krso.krd

**زنجیرە : 113**